# خەباتی پەنابەران بۆ بەدەست هێنانی داواکانیان پێویستە گرێ خواردوو بێت لەگەڵ خەبات لە دژی دەستور



جبار محسن
21-09-2005
jabarmuhsin@yahoo.com

شەپۆلێکی بەرینی ناڕەزایەتی پەنابەرانی کورد لەسەرتاسەری ئەورووپادا ماوەیەکە پەنگ دەخوات و وولاتانی سوید سویسرا بەریتانیا....ی گرتۆتەوە. ئەمەش بەدوای هێرشی حکومەتەکان بۆ سەر مافەکانی پەنابەران و نەدانی هەقی پەنابەرێتی پێیان و تا دەگات بە ناردنەوەیان گەیشتووە. دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەلایەن دەسەلاتدارانی عێراقەوە بەڕەسمی داوای ناردنەوەی پەنابەران بۆ ناو باوەشی وولاتەکەیان کراوە و کەم تازۆر ئاسانکاری بۆ ناردنەوەیان کراوە کە لە ڕێگەی ئاسمانی وولاتانی چواردەورەوە بگێڕدرێنەوە. ینک و پدک کە بەشێکن لەم پیلانە ئینکاری ئەکەن لەم کارەیانو لە ڕێگەی کۆمەڵە و تەشکیلاتیانەوە بەرگرییەکی زەبونانە دەکەن و وای نیشان ئەدەن کە لایەنگری پەنابەرانن.

بەهەر حاڵ ئێستا پەنابەران هەم ناڕەزایەتی دەیان هەزاریان ئەنجام داوەو هەم بە نیازن درێژەی پێ بدەن و هی تریش بەڕێ بخەن، بەڵام ئەوەی کە لەم خۆپیشاندانەدا غائبە ئەوەیە کە هێشتا پەنابەران بە تەواوی ئیختیاری خۆیان نەکردووەو سەنگەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵنەبژاردووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان و دنیایەکی باشتر کە خەونی پێوە ئەبینن و قوربانی و شەونخونی و خەتەریاتی گەورەیان لەسەر ژیانی خۆیان لە ڕێگەکانی قاچاخ و سەرسنورەکان، لە پێناویدا داوە. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جار نییە کە پەنابەران هەوڵی دزێوی ناسیۆنالیزمی کورد دەبینن لە دژیان کەچی هێشتا لە بازنەی ئەو دەرنەچون و لە پێناو شکست پێهێنانی سیاسەتەکانیدا هیچ هەوڵێکیان نەداوە بەڵکو بە پێچەوانەوە لە سیناریۆکانی هەڵبژاردندا بوونەتە پردێک بۆ گەیشتنی ناسیۆنالیزمی کورد بە مەرامەکانی و لەبەرچاو میدیای جیهانی توانیویانە وای دەربخەن کە نوێنەری خەڵکی کوردوستانن. لەلایەکی تریشەوە ئەوە بۆتە بەڵگەیەکی قانونی کە پەنابەران لە بینا کردنی دەسەلاتی کوردستان سەهمیان بووەو ئەوەی هەیە دەسەلاتی جێگەی قبووڵی ئەوانە. ئێمە کۆمۆنیستەکان لە کاتی سیناریۆی هەڵبژاردنەکاندا ئەو هوشیاریەمان دا بە پەنابەران کە نەچن و دەگ نەدەن هەتا دەنگەکانیان نەکرێتە بیانوویەکی تر بۆ نەدانی مافی پەنابەرێتی پێیان و ناردنەوەیان. ئاخر ناکرێت تۆ لەم لاوە ئیدعای ئەوە بکەیت کە دەچەوسێیتەوەو هیچ دەسەلاتێک پشتیوانیت ناکات کەچی لەو لاوە خۆت دەنگت بە دەسەلاتەکە دابێت! بەم مانایە ئەتوانم بڵێم ئەمە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە بەرۆکی پەنابەرانی گرتووە.

ئێستاش وا سیناریۆیەکی تر بەڕێوەیە، سیناریۆی دەستور. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم جارەش پەنابەران بێ لێکدانەوەی دەرئەنجامی سیاسەت و سەنگەرێک کە هەڵیان بژاردووە، دەکەونەوە ئەم داوەی تری ناسیۆنالیزمی کوردو عەرەب و ئیسلامی سیاسی؟ ئایا بە ڕاستی خەتەری ئەو دەستورەی بڕیارە بسەپێنرێت بەسەر خۆیانەوە نایبینن؟ ئایا دەنگدان لەسەر ئەو دەستورە ڕێک بەمانای ئەوە نادێت کە دەسەڵاتی بەزۆر سەپاوی عێراق و کوردستان ئیدعای دەکەن کە زۆرینەی مافەکانی خەڵکی تیا بەدەست هاتووە؟ سەرئەنجام بکاتە ئەوەی کە بە پەنابەران بڵێن ئێوە خۆتان دەنگتان داوە بە مافەکانی خۆتانو هەمووی سەلماوە ئیتر بۆ ناگەڕێنەوە؟! کەوایە ئەبێت پەنابەران لە بازنەی سیاسەتەکانی ناسیۆنالیزمی کورد دەربچن و لە دژی پیلانی دەستور بووەستنەوە. خەتەریاتی ئەم پیلانە لەوەدایە کە بێجگە لەوەی عێراق وکوردستان دەکاتە جەنگڵستان و مەبەست لێی شەرعیەتدانە بەو جەنگو تیرۆرەی کە بەڕێدەخرێت، ئەبێت هەم وا نیشان بدرێت کە خەڵک خۆی هەڵیبژاردووە هەم بەیانی مافەکانی خەڵکە هەمیش زەمانەتێک بێت بۆ درێژە دان بەو سیناریۆیە، لەولاشەوە چەواوشەکارانە وڵاتێکی ئارام و دیموکراتیک نیشانی دنیا بدرێت ئینجا گرنگ نییە ئەم جەنگە چەند کارەساتی تر بەسەر خەڵک دێنێت.

کەوایە پێویستە پەنابەران بڵێن و بەدەنگی بەرز هاوار بکەن کە ئێمە لە دەست ئەو دەستورە هەڵهاتوین و ناشمانەوێت بچینەوە ژێر ڕکێفی و ببینە خۆراکی. پێویستە بڵێن نا بۆ جەنگی تیرۆریستان، خوێن ڕشتن بەسە، لێگەڕێن لەوێ کەسوکارمان لێرەش ئێمە بە ئاسوودەیی بژین.